## نزار نوری:

### ڕاهێنەری لاوانی یانەی برایەتی

# کێشەی سەرەکیمان نەبوونی یاریگایە بۆ تیپی لاوان



**تیپی تۆپی پێی لاوانی یانەی وەرزشیی برایەتی بە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولی لاوانی یانەکانی کوردستان هەژماردەکرێت، ئەم تیپە ساڵانە چەندین یاریزانی بەتوانا و تازە پێگەیشتوو بۆ تیپی یەکەمی یانەکەی ئامادە دەکات، یانەی برایەتیش یەکێکە لەم یانانەی کە گرنگیی زۆر بە تیپەکانی لاوان و تازە پێگەیشتووان دەدات بە ئامانجی دروست کردنی بەرهەمی کوردی خۆماڵی بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا چاوی لە یاریزانانی تری یانەکان نەبێت، نزار نوری مەولود یەکێك لەو ڕاهێنەرانەی کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە ریزی یانەی برایەتی وەکو ڕاهێنەر لە ئاستی تەمەن بچووك کار دەکات و شوێن پەنجەی لە خولەکانی کوردستان دیار بووە لە پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆری یاریزانان بۆ یانەی برایەتی و بۆ یانەکانی تر، نزار لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٦ی شاری هەولێرە پێشتریش لە چەندین تیپی میللی وەکو گۆڵپارێز پارێزگاری لە گۆڵەکان کردووە و لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی میدیا و برایەتی کاری ڕاهێنەرایەتی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد ئەمیش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئەم ساڵ ئاستی خولی لاوانی یانەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەمساڵ خولی لاوانی نایابی یانەکانی کوردستان زۆر بە باشی دەبینم، چونکە کێبڕکێی زۆر هەیە لە نێوان یانەکانی بەشدار لە خولەکە و ئاستیان زۆر لە یەکتری نزیکە، ساڵ بە ساڵیش ئاستی خولی لاوان بەرەو پێشتر دەچێت.

*** خاڵی لاوازی ئەم خولە لە چی دەبینی؟**

- ئەوەی من تێبینم کردبێت زۆر جار خولەکان دوا دەخرێت بە هۆکاری جۆراجۆر، ئەمساڵیش خولەکە دواخرا ئەم دواخرانەش دەبێتە هۆی بێزاری ستافی ڕاهێنەر و یاریزانانی تیپەکان.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم خولە؟**

- ئەگەر بمانەوێ ئاستی خولەکان بەرز بێتەوە پێویستە خولەکان لە کاتی خۆیان بەڕێوە بچن، خولەکە بۆ سەرتاسەری هەرێمیش بەیەکەوە بەڕێوە بچێت باشترە نەك وەکو ئەمساڵ بێت، بەهیوای ئەوەی گرنگیی زیاتر بە یاریزانانی لاو بدرێت لە یانەکانی کوردستان پێداویستیەکانیان دابین بکرێ.

*** بە بۆچوونی تۆ کردنەوەی ئەم خولانە ساڵانە نەبۆتە ئەوەی کە تەنیا بەشداری کردن و هیچ خەڵاتێك نییە بۆ ئەوەی تیپی پاڵەوان بچێتە دەرەوە بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانێتییەکە؟**

- من و گشت ڕاهێنەرانیش وامان پێ باشترە کە یەکەمی خولەکە خەڵاتێکی زۆر گەورەی هەبێت لەگەڵ سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی هەمووان ئەوە بزانن کە یەکەمی خولەکە تایبەتمەندیی خۆی دەبێت بۆ ئەوان و کێبڕکێیەکە زیاتر بەهێز دەبێت.

*** کێشەو گرفتی ئێوە چییە وەکو لاوانی یانەی برایەتی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت کێشەو گرفتمان هەیە، بەڵام بە بەراورد ئێمە لەگەڵ هەندێك تیپی تری لاوان باشترین، کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی یاریگایە.

*** ساڵانە ژمارەیەك یاریزان دەهێنیتە ریزی تیپەکەت، لەسەر چ بنەمایەك یاریزانان دیاری دەکەیت؟**

- ئێمە هەموو ساڵێك وەکو بەرنامەی خۆمان بەدوای یاریزاناندا دەگەڕێین لە تیپە میللییەکان و گەڕەکەکان دەستنیشان کردنی یاریزانانیش لای ئێمە چەند پێوەرێکی هەیە، وەکو ڕەوشت بەرزی و ئاستی یاریزان و ئەنجامی لەگەڵ ئەو تیپانەی یاری بۆ کردوونە، خۆشبەختانەش ساڵانە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا پێ رادەگەیەنین و دەیدەین بە تیپی یەکەم.

*** پێشبینی چی دەکەی بۆ ئەنجامی تیپەکەم لەم وەزرە؟**

- هەر چەندە لە یارییەکانی کە ئەنجاممان داون ئاستی باشمان پێشکەش کردووە، پەنا بەخوا هەوڵدەدەین زیاتر خۆمان پێش بخەین لە یارییەکانی داهاتوو و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەش بکەین.

*** بیستوومانە زۆر پۆستت پێدراوە لە یانەکەتان،بەڵام ڕەتت کردۆتەوە هۆکاری چییە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من نزیکەی دە ساڵ دەبێت لە ریزی یانەی برایەتی کار دەکەم، زۆر بە دڵسۆزی کارەکانی خۆم ئەنجام داوە لەم ماوەیە وەکو ڕاهێنەر خەمخۆری ئەم یانەیەم، بەڵام زۆرترین کاری من وەکو ڕاهێنەری تۆپی پێ بوویمە لەم یانەیە، بۆیە ناتوانم لەم یانەیە داببڕێم.

***بەرنامەت چییە بۆ گرنگی دان یە یاریزانانی لاو؟**

- بەرنامەی زۆرباشمان ئامادەکردووە بۆ تیپی لاوان، بەڵام بەهیوای ئەوەین ئەم کێشەیەی دارایی هەرێم باش بێت بۆ ئەوەی ئێمەش سوودمەندبین و بەرنامەکانی خۆمان ئەنجام بدەین بۆ پێشخستنی تیپەکەمان.

***بیرت لەوە نەکردۆتەوە فێرگەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

- بەڵێ دەمێکە بیرم لێکردۆتەوە، بەڵام ئەو یانەیەی کە کاری تێدادەکەم تەنانەت زۆر جار لاوان بێبەش دەبێت لە مەشقی ڕۆژانە بەهۆی یاریگا، بەڵام من کاری تر دەکەم بەوە ناوەستم زیاتر لە ٢٥ یاریزانی دەوروبەری یاریگای یانەکەمان هەفتانە مەشقیان پێ دەکەم بۆ ئەوەی پشتگیرییان بکەم وەکو گەنج، خۆشمان وەکو یانەی برایەتی لێیان سوودمەند بین، هەر کاتێکیش دەرفەت لە بار بێت ئەوە بیرۆکەی منە زیاتر خزمەت بە کردنەوەی فێرگەی تایبەت بە یاریزانان دەدەم.

*** ساڵانە ژمارەیەك یاریزانت دەدەیتە تیپی یەکەم، بەنیازی ئەمساڵیش یاریزانان بەرهەم بهێنیت بۆ تیپی یەکەمتان؟**

- بەڵێ ئێمە ساڵانی ڕابردووش چەند یاریزانێکمان داوە بە تیپی یەکەم، بۆ ئەمساڵیش زیاتر لە پێنج یاریزانمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی پێشکەشی تیپی یەکەمی یانەکەمانی بکەین.

*** هیواو ئاواتت لە وەرزش کردن چییە؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە یەکەم جار خزمەت بە وەرزشی شارەکەم بکەم، دواتریش بە هەرێمی کوردستان، هیواداریشم دەستکەوتی باش بۆ یانەی برایەتی و بۆخۆشم وەکو ڕاهێنەر بەدەست بهێنم ژمارەیەك یاریزانی بەتواناش لە سەر دەستی من پێبگات.

*** ساڵانە پاڵەوانێتیی نۆر وای کوپ هەیە لە نەرویج، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە، بۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە پەنا بۆ ڕاهێنەری خولی نایاب دەبەن لە بری خولی لاوان و تازە پێگەیشتووان تۆ چی دەڵێیت، ئەمە بە راست دەزانی؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت وەڵامی ئەم پرسیارە لای منیش نییە، من وەکو ڕاهێنەرێك پێم باشە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوان لە تیپەکانی لاوان دەستنیشان بکرێت، بەهیوای ئەوەم لە ساڵانی داهاتوودا چاوێك بەم بڕیارانە بخشێندرێتەوە.

***یانەی برایەتی تا چەند هاوکارتانن لە بەرەو پێشبردنی تیپی لاوان و دابین کردنی پێداویستی بۆت؟**

- دەستەی کارگێڕیی یانەی برایەتی هەموو کات هاوکاری تیپەکەمان بووە لە ڕووی داراییەوەش بە پێی پێویست هاوکارن، بەڵام وەکو یاریگا بە جۆرێك بێبەشین، بە شێوەیەکی گشتی کەمتەرخەمیان نەکردووە بۆ ئێمە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە هاوکارمانن، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە بەردەوام هاوکاری تیپەکانی کردووە لە بەسەرکردنەوەیان، بە سەرکردنەوەی یاریزانانی لاویش زۆر پێویستە.

**ئێمە هەموو ساڵێک وەکو بەرنامەی خۆمان بەدوای یاریزاناندا دەگەڕێین لە تیپە میللییەکان و گەڕەکەکان دەستنیشان کردنی یاریزانانیش لای ئێمە چەند پێوەرێکی هەیە، وەکو رەوشت بەرزی و ئاستی یاریزان و ئەنجامی لەگەڵ ئەو تیپانەی یاری بۆ کردوونە**



یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندا رایگەیاند بۆندی راهێنەر گۆس هیدینگ لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا بەرەزامەندی هەردوولا هەڵوەشێندرایەوە، لە دوای ئەوەی گۆس هیدینگ لە ساڵی ٢٠١٤ لە بڕی لویس ڤانگال بوو بە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی نەیتوانی ئەنجامیکی باش دەستەبەر بکات، هەڵبژاردەی هۆلەندا بۆ گەیشتن بە یاریەکانی یۆروی ٢٠١٦ی فەرەنسا دا لە دوای هەڵبژاردەکانی کۆماری چیك و ئیسلەندا لە پلەی سێیەم دایە و دۆخی ناجێگیرە. هیدینگ خۆی لەو بارەیەو دەڵێت من حەزم دەکرد وەکوو ڕاهێنەر چەند نازناویك بۆ وڵاتەکەم دەستەبەر بکەم، بەڵام ئەنجامەکانم باش نەبوون، بۆیە بڕیاری واز هێنام دا هیوادارم هەڵبژاردەی وڵاتەکەم لە داهاتوو دا سەرکەوتوو بێت ئێستا ئەگەری ئەوە هەیە دەنی بلیند جێگری یەکەمی هیدینگ ببێتە ڕاهێنەری هۆلەندا.

# هیدینگ وازی لە هەڵبژاردەی هۆڵەندا هێنا



# سزای فیفا بە سەر بەرشلۆنە کاریگەری کردۆتە سەر تیپی لاماسیاش



هەڵبژاردەی بەرازیل لە دوای شکستی لە بەرامبەر هەڵبژاردەی پاراگوای دا لە یاریەکانی کوپا ئەمریکای ٢٠١٥ ی چیلی دور خرایەوە. لە دیمانەیەکدا دانی ئەلڤێس بەرگریکاری ناسراوی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بارشلۆنا ئەوەی خستەڕوو کە ئێمە لە کوپا ئەمریکاش دا هاوشێوەی مۆندیالی ٢٠١٤ دوچاری شکست بووین، قبولکردنی ئەو شکستە بۆ هاندەرانمان کاریکی زۆر ئەستەمە، بەلام هەڵبژاردەی بەرازیل لە بەردەم گۆرانیکی بنەڕەتی و ئەرێنی دایە، بۆیە من بە داهاتووی ئەو هەڵبژاردەیە گەشبینم.

لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئەلڤێس وتی لە ئێستا دا کۆمەڵێك لاوی ئاست بەرز هاتوونەتە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل ئەوان لە داهاتوو دا دەتوانن دۆخەکە بگۆڕن، بۆیە داواکارم هاندەرانمان پشوو درێژبن بۆ ئەوەی ئێمە پێکەوە بە سەر کێشەکانماندا سەرکەوین.

# ئەلڤێس بە داهاتووی هەڵبژاردەی بەرازیل گەشبینە



بەهۆی ئەو سزایەی یەکێتی تۆپی پێی نێو دەوڵەتی فیفا بەسەر یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی سەپاندوە لەبەرامبەر واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی تازەپێگەیشتوو وایکرد یاریزان بۆبی ئەدیکۆنیی یەکێکە لە یاریزانانی لاماسیا لەیانەی کەتەلۆنی بریاری جێهێشتنی یانەکە بدات بەهۆی نەبوونی هەلی یاریکردن لەگەڵ تیپی یەکەم. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی روونیکردۆتەوە ئەو یاریزانە تەمەن ١٦ساڵە تیپی لاماسیا جێ دەهێڵێت دوای ئەوەی لەلایەن فیفاوە رێگری لێکرا لەیانەی بەرشلۆنە یاری بکات، بۆیە ئەو یاریزانە دەچێتە یانەیەکی تر بەشێوەی خواستن تا ئەو کاتەی ئەو سزایە لەسەر یانەی بەرشلۆنە هەڵدەگیرێت. هەروەها رۆژنامەکە روونیکردۆتەوە ئەو یاریزانە نەیجیری هۆلەندیە گەیشتۆتە رێکەوتن لەگەڵ یانەی لیڤەرپول بۆ ئەوەی لەوەرزی داهاتوو بۆ تەنیا یەك ساڵ یاری بۆ ئەو یانە ئینگلیزیە یاری بکات.

# ڕاهێنەرەکەی دەربەندیخان بڕیاری کۆتایی نەداوە



دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو سەردار مەجیدی ڕاهێنەری پێشووی یانەی شێروانەی کەلار ئەرکی مەشقی یانەی وەرزشیی دەربەندیخانی لە ئەستۆ گرت بەم هۆیەشەوە ڕاهێنەری ناوبراو لە وەرزی ڕابردوودا توانی داواکارییەکانی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان جێ بەجێ بکات بە مانەوەی تیپەکەی لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ٢٣ خاڵ و لە پلەی حەفتەمی ریزبەندی یانەکان هات، بۆیە لە ئێستادا دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دەربەندیخانی سەر بەپارێزگای سلێمانی ئارەزووی ئەوە دەکات بۆ وەرزی نوێی خولی پلە یەکەکانی کوردستان سەردار مەجید بە سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بهێڵێتەوە، بەڵام تاکو ئێستا ڕاهێنەری وەرزی ڕابردووی یانەکە بەفەرمی گەرەنتیی مانەوەی بە تیپەکە نەداوە لەم بارەشەوە سەردار مەجید ڕاهێنەری پێشووی یانەکە بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاندو گوتی: من لە ئێستادا لەگەل هیچ یانەیەك قسەم نەکردووە بۆ ئەوەی وەرزی نوێی خولەکە کارییان لەگەڵ بکەم، وەرزی ڕابردووش توانیم ئەو بەڵێنەی کە بە یانەکەم دابوو بە مانەوەی یانەکە لە خولی پلە یەکی کوردستان توانیم کاری خۆم بکەم، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دەربەندیخانیش ئەوان بەفەرمی داوای ئەوەیان لێ کردووم کە بۆ وەرزی داهاتوو لە خولی پلە یەکەکانی یانەکانی کوردستان بۆ جارێکی تریش مەشقی یانەکەیان وەربگرم، بەڵام من وەکو ڕاهێنەر تاکو ئێستا بەفەرمی قسەم لە بارەی ئەگەری مانەوە و ڕۆیشتن لە یانەی دەربەندیخان نەداوە بۆ وەرزی داهاتوو، لە ئێستادا من بیر دەکەمەوە بزانم ماوەیەکی تر چی دەبێت ئەو کات بڕیاری کۆتایی لەسەر چارەنووسی وەرزشیی خۆم دەدەم، بەهیوای ئەوەشم بتوانم خزمەتی زیاتر بە وەرزشی کوردستان بکەم وەکو ڕاهێنەر.

# ڕەنگە خەسرۆ گوروون ببێتە ڕاهێنەری سلێمانی




دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی سلێمانی نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەستبهێنێت، ڕزگار عەلی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەش گەرەنتی مانەوەی نەداوە بە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی سلێمانی، بۆیە لە ئێستادا یانەی سلێمانی بەنیازی ئەوەیە شوێنگرەوەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی مەشقی یانەکەی بدۆزیتەوە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی کوردستان تیپەکە بەڕێوە ببات، ئەمساڵیش یانەی سلێمانی دەیەوێت ببێتە ژمارەیەکی گەورە لە خولی کوردستان، بۆیە لەئێستادا دەنگۆی پێدانی ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەی سلێمانی بە خەسرۆ گوروون لە ئارادایە بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە فریادەڕسی یانەی سلێمانی لە خولی کوردستان و یانەکەش بکاتە ژمارەیەکی گەورە لە خولی کوردستان، لە بارەی ئەگەری پێدانی ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەی سلێمانی بە خەسرۆ گورروونی ڕاهێنەری پێشووی سلێمانی بێوەی ئەحمەد لە ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند و گوتی: ڕاستە دەنگۆی هاتنی خەسرۆ گوروون بۆ ڕاهێنەرایەتی یانەکەمان لە ئارادایە، بەڵام تاکو ئێستا شتێکی فەرمی نەبووە لە نێوان دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری ناوبراو، بۆیە ئێمە لە ئێستادا دەمانەوێ تیپەکە ڕێك بخەینەوە و تیپێکی تۆکمە دروست بکەین بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەوەش ئاشکرایە ساڵ بە ساڵ خولی نایابی کوردستان بەهێز دەبێت ئێمەش دەمانەوێ ببینە تیپێکی بەهێز لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەم وەرزەدا.




# دوو یانەی ئەوروپی چاودێریی یاریزانێکی کورد دەکەن

دوای ئەوەی ئەم وەرزە شێرکۆ کەریم یاریزانی کوردی پێشووی ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقی بەفەرمی پەیوەندی کرد بە یانەی گراسهۆبرزی سویسری لەگەڵ یانەکەش لەم وەرزە توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە خولی سویسری، بۆیە چەند یانەیەکی ئەوروپی چاودێریی شێرکۆی کوڕە یاریزانی کوردی شاری کەرکوك دەکات بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولەکانی ئەوروپا بیباتە ریزی یانەکانیان، شێرکۆ وەرزی ڕابردوو لە ریزی یانەی شورتەی شاری بەغدادەوە پەیوەندی بە ریزی یانەی گراسهۆبرزی سویسری کردو توانی هەر زوو ببێتە جێگای متمانەی دەستەی ڕاهێنەرانی یانە تازەکەی و ئاستی خۆشی رۆژ بە رۆژ بەرەوپێش ببات، بۆیە لە ئێستادا شێرکۆ پەیوەستە بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ یانە سویسرییەکە هەیەتی و بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئەوان لە خولی سویسری و دەیەوێت لە رێگەی ئەو یانەیە و بچێتە یانەی بەناوبانگتر لەسەر ئاستی ئەوروپا، لەم بارەشەوە شێرکۆ کەریم بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند گوتی: من دوای ئەوەی ئەم وەزرە توانیم ببمە جێگای متمانەی یانە سویسرییەکەم بۆیە لە ئێستادا ئەوەم پێ راگەیاندراوە کەوا لە چەند یانەیەکی ئەوروپی چاودێریم دەکەن بۆ ئەوەی لە وەرزەکانی داهاتوو پەیوەندییان پێوە بکەم و لە ریزی ئەوان یاری بکەم، لە بارەی ناسنامەی یانەکانیش شێرکۆ گوتی «یانەی مارسیلیای فەرەنسی ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە حەز دەکەن گرێبەستم لەگەڵ بکەن، جگە لەوانەیش یانەی مۆناکۆ دوور و نزیك چاودێرییم دەکەن بۆ ئەوەی ئاستی من هەڵسەنگێنن و لە ماوەیەکی کەمدا گرێیبەستم لەگەڵ مۆربکەن، بەڵام ئەوەی بەمن وترابێت بە هیچ شێوەیەك فەرمی نەبووینە، خۆشم حەز ناکەم زۆر دەرکەوم لە یانەکانی ئەوروپا، بۆیە پابەندی ئەو گرێبەستەم لەگەڵ یانە سویسریەکە بەردەوامم و حەز دەکەم ئاستی خۆم لەوێ بەرز بکەمەوە و گرنگیی بەتواناکانی خۆم بدەم».